# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٤ – ٢٠٢٥
گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر
پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
پ. د. قەیس کاکل تۆفیق
پ. د. بەختیار سەجادی
پ. د. فەرهاد قادر کەریم
پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان
پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف
پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:
پ. د. میشێل لێزەنبێرگ
پ. د. مارتن ڤان برونسن
پ. د. جەلیلی جەلیل
پ. د. سالّح ئاکین
پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک
پ. د. هاشم ئەحمەدزادە

Web: journal.ka.gov.krd
ISSN: 2520- 4106
هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە

گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە دەردەکرێت و بایەخ بە توێژینەوەی کوردی لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا و کولتووریی کوردی دەدات.
گۆڤارەکە توێژینەوەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە و یەکەم ژمارەی لەساڵی ٢٠٠٢دا بڵاو بووەتەوە.
ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.


* ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک
* دیزاین: هەرێم عوسمان
* ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:
Web: journal.ka.gov.krd


* ئیمێڵ: journal@ka.gov.krd
* مۆبایل: 009647508375575

# بەرجەستەکردنی گومان
# لە هەردوو توخمی کارەکتەر و زمان
# لە ڕۆمانی «کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)ی
# کاروان کاکەسووردا

**هاوژین مستەفا عەبدوڵڵا،**
قوتابی ماستەر- ئەدەب، بەشی کوردی
کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
com.gmail@Hawjinh775

**پ.د. سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی،**
بەشی کوردی، کۆلێژی زمان،
زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
krd.edu.su@shekhmohammad.Sangar

پوختە

گومان وەک توخمێکی بنەڕەتی لە داڕشتنی ڕۆمانێکدا کاردەکات، ڕەنگە زۆرجار تاکە پاڵنەری نووسین و دروست کردنی ڕۆمانێک بوو بێت، چونکە گومان دەبێتە ئامرازێک بۆ لێکۆڵینەوە و پرسیار و بیرکردنەوە لە ڕاستییەک یان زیاتر لە ڕاستییەک، ڕۆماننووسیش بە ئامێزگرتنی گومان، چوارچێوەیەکی هونەری بۆ پرسیارەکانی دادەڕێژێت، لە ڕێگەی قسە و کەسایەتی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە گومانەکانی دەخاتەڕوو، هەروەها گومان پێکهاتە و ئاراستەی چیرۆکەکە لە قاڵب دەدات و خوێنەران بانگهێشت دەکات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە لەگەڵ گەشەسەندنی ڕۆمانەکە بەشداری بکەن. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەبارەی پەیوەندی گومان بەتوخمەکانی گێڕانەوە پێشکەش بکەین، لەم ڕۆمانە گومان وەک ڕەگەزێکی سەرەکی کاردەکات، لە دەسپێکی ڕۆمانەکە تا کۆتایی وەک سێبەر بوونی هەیە، لە یەک کاتدا کاریگەری لەسەر گەشە سەندنی پلۆت و لەسەر پەرەسەندنی کارەکتەرەکانیش هەیە، گێڕانەوەکە لە ڕێگەی ساتەکانی نادڵنیایی و دوودڵییەوە، لە پرسیارە فەلسەفییە ئاڵۆزەکان سەبارەت بە متمانە و باوەڕ و واقیع دەکۆڵێتەوە.

کلیلە وشە: گومان، ڕەخنەی نوێ، گێڕانەوە، ڕۆمان، بەرجەستەکردن.

## پێشەکی

گومان لەمێژە لایەنێکی بنەڕەتی ئەزموونی مرۆڤ و لێکۆڵینەوەی فەلسەفی بووە، وەک کاتالیستێک بۆ پرسیارکردن لە گریمانەکان و گەڕان بە دوای ڕاستییە ئاڵۆزەکاندا، لەم دواییانەدا گومان لە ناو ئەدەبی هاوچەرخدا گرنگییەکی نوێی وەرگرتووە، هانی خوێنەر دەدات بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە لەگەڵ گێڕانەوەکەدا سەرقاڵ بن و متمانەی کارەکتەرەکان و خودی چیرۆکەکەش بخەنە ژێر پرسیارەوە. «کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان»ی «کاروان عومەر کاکەسوور» نموونەیەکی بەرچاوە لە بەکارهێنانی گومان وەک ستراتیژییەتێکی گێڕانەوە.

ئەو پرسیارانەی لەم توێژینەوەیە دەخرێنە ڕوو ئەمانەن: چۆن گومان وەک ئامرازێکی گێڕانەوە لە ڕۆمان بەکاردەهێنرێت؟ چ جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان گومان و توخمەکانی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا هەیە؟ ڕۆڵی گومان چییە لە دروستکردنی پەیوەندی نێوان خوێنەر و کارەکتەرەکاندا. گومان بەشدارییەکی نوێ لە بواری شیکردنەوەی ئەدەبی کوردیدا پێشکەش دەکات و لە دەقی ئەدەبی بە تایبەتی لە ڕۆماندا بووەتە یەکێک لە تەکنیکە گرنگەکانی گێڕانەوە، هەروەها دەرگا بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەبارەی چۆنیەتی گێڕانەوەی چیرۆکی نووسەرانی نوێی کورد دەکاتەوە. ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییە لە شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان گومان و توخمەکانی گێڕانەوە لە ڕۆماندا، تێگەیشتن لە چۆنیەتی کاریگەری گومان لەسەر ڕۆڵی خوێنەر. بەڵام لە بارەی پێکهاتەی توێژینەوەکە و کێشەی داڕشتن، جگە لە پێشەکی و لیستی سەرچاوەکان ، لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، لە بەشی یەکەمدا: چوارچێوەیەکی تیۆری لەبارەی زاراوەی گومان و جۆر و ئاستەکانی باسکراوە، لە بەشی دووەمیشدا بە شێوەیەکی پراکتیکی بەرجەستەکردنی گومان لە هەردوو توخمی کارەکتەر و زمان لەناو دەقی ڕۆمانی دیاریکراو دەدۆزینەوە و شییدەکەینەوە.

### ١. پێناسەی گومان

گومان "حاڵەتێکە لە بێ توانایی لە یەکلایی کردنەوەی ڕاوبۆچوونێک، کە مرۆڤ تیایدا دەژیێت و تایبەتە بە زانیارییەکی دیاریکراو، لە سۆنگەی ئەوەی ڕاستە یان هەڵەیە، جا ئەگەر بە لای ئەوەدا چوو کە ڕاست و دروستە، پێی دەگوترێت مەزندە «تخمين»، بەڵام ئەگەر کەسەکە لە حاڵەتی نێوان ڕاست و هەڵە بە هەڵپەسێردراوی مایەوە، ئەو کاتە پێی دەگوترێت گومان- شک»»النجاح نيت ٢٠٢٠: ١)

ئیبن حەجەر «٨٥٠هـ/١١٤٨م) ئاماژە بەوە دەدات «گومان زاراوەیەکە و بە واتای ڕاوەستان لە نێوان دوو کاردا دێت، هیچ کامێکیان لەوی دیکە پەسەندتر و جیاوازتر نییە «.»بن الحجر ٢٠١٠، ج٦: ٤١٣)، واتە دوو دڵی لەنێوان دوو شت کە کەسی ژێر ناتوانێت یەکێکیان بەسەر ئەویتریان سەربخات، یان دۆخێکی ناسەقامگیری ناوەکییە لە بارەی دروستی یان هەڵەیی شتێک، کە تیایدا مرۆڤ ناتوانێت بە تەواوی دڵنیا بێت لە ڕاستی یان چەوتی شتێک.

لە فەرهەنگی فەلسەفەدا بەمجۆرە پێناسەی گومان کراوە: «دوودڵی و ڕاڕاییە لە نێوان دوو هاودژی یەکتری، کە عەقڵ هیچیان بەسەر ئەوەی دیکەدا ناسەپێنێت، ئەوەش بە هۆی نیشانە و ئاماژەی یەکسان لە هەردوو لایەنی بڕیارەکە، یان بەهۆی نەبوونی هیچ ئاماژەو نیشانەیەک لە نێوانیان» «صليبا١٩٨٢: ٧٠٥-٧٠٦)، کەواتە چەمکی گومان بەکارهاتووە بۆگەیشتن بە ڕاستی.

«لەسەردەمی یۆنانییەکاندا چەمکی گومانکاریان بۆئەو کەسانەی کە زۆر بەوردی بیردەکەنەوە

بەکاردەهێنا یان بەدوای ساغکرنەوەی ڕاستی شتەکان دا چوون» «بدوي١٩٨٤: ١٦). گومان وەک مامۆستایەکی توند وایە کە وامان لێدەکات پرسیار بکەین، بگەڕێین، بیر بکەینەوە.

«غەزالی) «٤٥٠-٥٠٥) دەڵێت: «گومانەکان ڕێگەی گەیشتنن بە ڕاستی، ئەوەی گومان نەکات تەماشا ناکات، ئەوەی تەماشاش نەکات نابینێت، ئەوەی نەشبینێ بە کوێری دەمێنێتەوە» «الطويل١٩٥٨: ٤٤٠)، غەزالی لێرەدا گومان وەک قۆناغێکی پێویست و سوودبەخش لە گەشەکردنی مەعریفی و ڕۆحی مرۆڤدا دەڕوانێت، نەک وەک شتێکی نەرێنی، ئەمەش لە هەندێک ڕووەوە پێشەنگییەکە بۆ ئەو بیرکردنەوە ڕەخنەییەی کە دواتر لە فەلسەفەی ڕۆژئاوادا لەلایەن کەسانی وەک دیکارت و کانتەوە پەرەی پێدرا.

«گومان بەرهەمی عەقڵێکی بەئاگایە و ئاراستەیەکی فەلسەفییە، کەسی گومانکار دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵ بۆ دوورخستنەوە لەنەزانی دەیگرێتە بەر»"»مهدوي ١٣٧٦: ١١-١٣ ) ، واتە کەسی گومانکار لە ئەنجامی بیرکردنەوەیەکی قووڵ، نەک لەبەر نەزانین دەگاتە حاڵەتی گومان، ئەمەش پێچەوانەی ئەو بیروباوەڕەیە کە گومان دەبەستنەوە بە نەزانین و کەمزانینەوە.

دیکارت «١٥٩٦- ١٦٥٠) دەڵێ: «پێویستە بە چاوی گومانەوە سەرنجی هەموو شتێک بدرێ، بەوەی ساختەیە، هیچ جارێک شتێک بەڕاست دانانێم، ئەگەر دڵنیا نەبم لەوەی کە ڕاستە، واتە خۆم لە بڕیاری خێرا و پێشەکیانە دەبوێرم، دەربارەی هیچ شتێک بڕیار نادەم، ئەگەر ئەو شتە بەڕوون و ئاشکراییەکی ئەوتۆ نەکەوێتە بەر بیرم و نەیزانم، کە دەرفەتی هیچ گومان لێکردنێک نادات» «دیکارت ٢٠١٦: ١٥٩ )، هەروەها دیکارت زیاتر پێ دادەگرێ و پێیوایە کە «ژێری ئەوەیە متمانە بە کەسێک نەکەین، ئەگەر بۆ جارێکیش فریوی دابین و فێڵی لێ کردبین، جا ئەگەر هەندێک جار هەستەکان لە شوێنی متمانەی خۆیاندا نەبوون، ئەدی چۆن لە هەموو جارەکان متمانەیان پێ بکەین»»فضل الله١٩٩٦: ٨٨) ، ئەمەش ڕێگایەکە دیکارت بۆ دۆزینەوەی دڵنیایی پێداگیری لەسەردەکات،کە مرۆڤ هەمیشە بەچاوی گومانەوە لە هەموو شتێک بڕوانێت، تا دەگاتە دڵنیایی تەواو، مەبەستی دیکارتیش لێرەدا ئەوە نییە کە زانین ڕەتبکاتەوە،بەڵکو دەیویست بنەمایەکی پتەو بدۆزێتەوە بۆ زانین.

## ٢. ئاستەکانی گومان

### ٢-١. گومانی شایەتی کەم جێی بڕوا

شایەتی شایەتحاڵ یەکێکە لەباوترین جۆرەکانی بەڵگە لەدادگاکاندا، ئەو بەڵگانەی پێشکەشی دەکەن، دەرئەنجامی دادگاییەکە دیاریدەکات. شایەت ئەو کەسەیە دەشێت هێشتا زیندوو بێت و توانای ئەوەی هەبێت قسە بکات و شایەتی بدات، بە جۆرێک هەریەک لەم ڕستانەی دواتر ببنە وتراوێکی شایەتەکە: من لەوێ بووم، من بینیم، من دەتوانم بە خەڵکی ڕابگەیەنم، لەم پێناسە سێ لایەنەدا، شایەت دەبێت هەموو ئەم سێ مەرجە سەرەکییەی تێدا بێت کە بریتییە لە بوونی لەوێ، بینینی ڕووداوەکە و توانای گواستنەوەی ڕووداوەکە»Sasu 2013:7 )، ئەوەی لێرەدا جێگای ئاماژەپێدانە، ئێمە چەند متمانە بە شایەتحاڵەکان بکەین، وەک سەرچاوەیەکی زانین.

### ٢-٢. گومانی خەون ئامێز

پرسی گومانی خەون ئامێز یەکێکە لە بەناوبانگترین پرسەکانی فەلسەفە، دەکرێت لە

ڕێی ئەم پرسیارەوە بە سادەیی بخرێتە ڕوو: چی دەتوانێت پاسادان بۆ باوەڕی کەسێک بکات کە لە هەر ساتێکی دیاریکراودا ئەو بەئاگایە و نەنووستووە؟ ئەم کێشەیە بە نزیکی پەیوەستە بە «ڕامانی یەکەم»ی دیکارتەوە، بەڵام بە درێژایی مێژووی فەلسەفە باسکراوە و هێشتاش سەرنجی تاک ڕادەکێشێت، دەکرێت کێشەکە وا تێبگەین کە دەپرسێت چۆن دەتوانین پاسادانی ئەوە بکەین کە باوەڕمان بەوەیە لە ساتێکی دیاریکراودا بەئاگاین، لەکاتێکدا دەزانین هەندێک جار بەئاگاین و هەندێک جاریش لە خەودا خەون دەبینین، هەروەها دەکرێت وا پرسیارەکە بکرێت کە بپرسێت چۆن دەتوانین پاساو بۆ ئەوە بهێنینەوە کە باوەڕمان بەوەیە هەمیشە لە نێو خەوندا نین و هەرگیزیش بەئاگا نین، لێرەدا کێشەکە جۆرێکە لە گومانی نێو جیهانی دەرەکی، چۆن دەتوانیت پاساو بۆ ئەوە بهێنیتەوە کە باوەڕت هەیە کە هیچ کاتێک سەبارەت بە سروشتی ئەزموونەکەت فریو نەدراویت؟ دەتوانین وا بیر لە یەکەمیان بکەینەوە کە جۆرێکە لە گومانی سنووردار و دووەمیانیش جۆرێکە لە گومانی بێسنوور»»Gregory 2023:2968 )، گومان بەدواداچوونەکانمان بۆ ڕاستدەکاتەوە، هانمان دەدات بۆ گەیشتن بە سنوورەکانی زانین و تێگەیشتن.

### ٣-٢. گومانی پیتۆڵی شەڕانگێز

دیکارت وەها باس لە گومانی پیتۆڵی شەڕانگێز دەکات کە وەک دوا قۆناغ و لوتکەی گومانبێت، پێش ئەمەش بەدواداچوون بۆ شێوازەکانی تری گومان دەکات، لەوانە پرسیارکردن لە متمانەپێکراوی تێگەیشتنە هەستیارەکان، لەبەرچاوگرتنی ئیمکانیەتی شێتی و بیرکردنەوە و تێگەیشتن لە جیانەکردنەوەی خەونەکان و واقیع «Andrews 1998:48)، ستراتیژی دیکارت ئەوەیە کە گومانەکانی هەنگاو بە هەنگاو قووڵتر دەکات، بۆ ئەوەی بگاتە گومانی هەرە بنەڕەتی، کە دوای ئەوە بتوانێت شتێک بدۆزێتەوە نەتوانێت گومانی لێ بکات، بەڵام ئەم گومانە هەموو شتێک دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تەنانەت ئەو شتانەی لێیان دڵنیاین، وەک ئەوەی ٢+٣=٥ یان چوارگۆشە چوار لای هەیە، دەکرێت تەنیا فریودان بن.

فەیلەسوف مۆیاڵ شارۆک ڕەخنە لە گومانەکانی دیکارت دەگرێت و بانگەشەی ئەوە دەکات، دیکارت بە شێوەیەکی دروست ئەوەی لە ڕووی لۆژیکییەوە مومکینە «واتە شتێک کە لە ڕووی تیۆرییەوە مانای هەیە) جیاناکاتەوە لەو شتانەی لە ڕاستیدا لە واقیعدا مومکینن، ئەم گومانە شەڕانگێزییە تەنیا دەکرێت لە حاڵەتی خەیاڵکردن و وێناکردنندا مومکین بێت، نەک لە نێو ژیانێکی ڕاستەقینەدا، هەروەها پێیوایە دیکارت وەها مامەڵە لەگەڵ گومانە شەڕانگێزییە گریمانەییەکەی خۆیدا دەکات، وەک ئەوەی لە واقیعدا هەبێت، نەک تەنیا تاقیکردنەوەیەکی وێنایی و لێکدانەوەیی بێت، بەهۆی ئەم هەڵەیەیان بەو ئەنجامە دەگات کە دەستگەیشتن بە زانینی ڕاستەقینە مەحاڵە، یان کات بەفیڕۆ دەدات لە هەوڵی پووچەڵکردنەوەی سیناریۆیەکی تەواو خەیاڵیدا «Noaparast Bagheri 2025:29 ).

## ٣. پەیوەندی گومان بە توخمەکانی گێڕانەوە

### ٣-١. پەیوەندیی نێوان گومان و کارەکتەر

کارەکتەر بەتوخمێکی گرنگ و سەرەکی دەقە گێڕانەوە ئامێزەکان دادەنرێت، چونکە «کەسەکان ئەوەندە گرنگن کە دەبنە هۆی بەیەکەوە گرێدانی هەموو ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی وەک «زمان ،

کات، شوێن)، واتە ئەوان ناوەندی کارلێککردنی پەیوەندییەکانن، نەجم ئەڵوەنی لەبارەی کارەکتەرەوە دەڵێت: "کارەکتەر یەکێکە لەتوخمە سەرەکی و گرنگەکانی ڕۆمان و بەبێ ئەو هیچ ڕۆمانێک نانووسرێت و سەرجەم ڕووداوەکانی هەر ڕۆمانێک پەیوەندی بەژیان و کارو کردەوەی کارەکتەرەوە هەیە"»ئەڵوەنی ٢٠٠٩ : ٩)،کارەکتەر وەک هێزێکی بزوێنەری لێدێت، کەهەموو توخمەکانی تری ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە بەدەوریدا دەسوڕێنەوە.

سەنگەر حاجی لەمەش ئەولاتر دەچێ و دەنووسێ: "ئەگەر هەریەکێک لەتوخمە سەرەکییەکانی دەقی ئەدەبی پەیوەندی بەئەوی ترەوە هەبێت، ئەوا کارەکتەر پەیوەندی بە هەمووانەوە هەیە و گۆڕان و مانەوە و تەنانەت هەستکردن بە بوونیان لەکارەکتەرەوە سەرچاوە دەگرێ» «حاجی ٢٠٠٩: ١٧٣)، کەواتە کارەکتەر چەقی گێڕانەوەیە و هەموو توخمەکانی تر لەخزمەتی ئەودا دەبن، ئەمانەش هەموویان لە خزمەت ئەو بیرۆکە و ڕوانینانە دەبن کە ڕۆماننووس هەیەتی، چونکە «ڕۆمان ڕێگە بە نووسەرەکەی دەدات کە لە ڕێگەی کارەکتەرەکانەوە دیدگا فیکرییەکانی و تێڕوانینەکانی ژیانی سەبارەت بە واقیع دەربڕێت کە بەنیازە بیکاتە ئامرازێک بۆ ئاشکراکردنی نهێنییەکان، بۆ گەڕان بەدوای شتە شاراوەکان بەو ئومێدەی لە واقیع تێبگاو کێشەکان چارەسەر بکا، ئەمەش بەهۆی ئەو ڕۆڵەی کە دەیگێڕن لە وروژاندن و گەڕان بەدوای وردەکارییەکانی واقیعی زیندوو و ڕەهەندە دیار و نەبینراوەکانیدا"» هناوي ٢٠١٩)، ڕۆمان دەبێتە پردێک لەنێوان نووسەر و خوێنەردا و هۆکارێکیشە بۆ تێگەیشتن لە واقیعی کێشە ئاڵۆزەکاندا.

یەکێک لەو کێشانەی کە لە ڕۆمان باس دەکرێ بریتییە لە پرسی گومان و نادڵنیایی، لەوێدا «جەخت لەوە دەکرێتەوە کە نادڵنیایی تەنیا توخمێکی بابەتیی نییە، بەڵکو لایەنێکی بنەڕەتییە لە گەشەکردنی کارەکتەر و پێکهاتەی گێڕانەوە لە چیرۆکی خەیاڵی پۆستمۆدێرندا، نووسەران دەڵێن تێگەیشتن لەم دەربڕینە ناڕاستەوخۆیانە بۆ تێگەیشتن لە قووڵایی ئەزموون و ناسنامەی کارەکتەرەکان زۆر گرنگە zaluzhna» (40–47 :2023؛ دەبینین کەچۆن ململانێی ناوەخۆییەکان، لەوانەش گومان، دیمەنی دەروونی کارەکتەرێک لە قاڵب دەدەن.

ئەم جۆرە ململانێیە کاتێک ڕوودەدات کە "کارەکتەرێک لەگەڵ خۆیدا ناکۆک بێت، لەوانەیە گومان، نائەمنی، یان پرسی کەسی لەخۆبگرێت، کە تەحەدای کارەکتەرەکە بکات، ئەم ململانێیە زۆرجار بەدواداچوون بۆ لایەنە قووڵەکانی پاڵەوانەکە دەکات و دەبێتە هۆی گەشەکردنی کەسی و خۆدۆزینەوە" «Feccomande:2023)، ئەم جۆرەی ململانێی ناوەخۆییە بەوە جیادەکرێتەوە لە ململانێی دەرەکی کە ڕەنگە دوژمنەکە خودی کەسەکە خۆیەتی یان بیرکردنەوە و هەستەکانیەتی، کە ئەمەش گێڕانەوەکە قووڵتر دەکاتەوە، کە پەیوەندی بەئەزموونی مرۆڤەکانەوە هەیە.

گومان «ئامرازێکە نووسەران بۆ دروستکردنی کاریگەری لەناو ڕۆماندا بەکاریدەهێنن" –kyrpy ta:2019)، ئەمەش وا لە خوێنەر دەکات هەمیشە لە مەراق دابن و بەردەوام بێت لە خوێندنەوە بۆ گەیشتن بە کۆتایی و ئەنجامی چیرۆکەکە.

## ٤. جۆرەکانی گومان لە ڕۆمانەکەدا

### ٤–١. گومانی سروشتی کارەکتەر

ئەگەر سەیری ڕۆمانەکە بکەین زۆر کەم کارەکتەرێک دەدۆزینەوە لەم ڕۆمانە گومان

نەکات، ڕەنگە هەندێکیان بۆ گەیشتن بە ڕاستی بێت و هەندێکیش بۆ خودی کەسەکە بگەڕێتەوە، ڕەنگە چەند هۆکارێک هەبن کە ئەم گومانەی لا دروستکردوون بۆنموونە ئەزموونی ڕابردوو، شێوازی ژیان هتد... بۆ نموونە لە کەناڵی یەکەمدا، ئامانج باسی گومانی خۆی دەکات لەبارەی "سەرۆ مەنجەنیق" ئەو کاتەی کە لە شاخ بوون، کە ئایا بۆچی ئێمە هەموومان بەردمان دەگوێزایەوە؟ مەبەستەکەش تەنیا لای سەرۆ مەنجەنیق بوو... ئامانج دەڵێ:

"چ ئازارێکە تۆ قورسترین بەردت پێ بێت و نەزانی چ مەبەست و چ ئامانجێکت لەم ڕاگوێزانەوەیەدا هەیە..»کاکەسوور٢٠١٢: ١٨)، ئاواز شەوێکیان لێی پرسی: "باشە تۆ کاتێک بە بەرد شەڕ دەکەیت و لە دوژمنیان دەگریت، ئەوە مانای ئەوە نییە تۆ بەدەستی خۆت بەردەکان لە شوێنی خۆیان لادەبەیت و دووریان دەخەیتەوە....؟! «کاکەسوور٢٠١٢: ١٩). وێڕای ئەوەی هەڵگرتنی ئەو بەردە ئەزەلییە و ڕۆماننووس لە سیزیف وەریگرتووە، ئەم دیالۆگانە دەریدەخەن کە چۆن کارەکتەرەکان لەناو تۆڕێک لە گومان و دوو دڵیدا ژیان بەسەردەبەن، لێرەدا «سەرۆ مەنجەنیق) وەک کارەکتەرێکی بەگومان و نادڵنیا نیشان دەدرێت، گومان بووەتە پاڵنەری هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان و ڕێگرییان لێدەکات لە گەیشتن بە ڕوونی یان پێشکەوتنی یەکلاکەرەوە.

هەروەها کاتێک شۆڕش پرسیار لەمام ئەنوەر دەکات لەبارەی برینەکانی سەری، لە وەڵامدا مام ئەنوەر دەڵێت: "ئەمانە چیرۆکی خۆیان هەیە... هەندێکیان بەدەستی پێشمەرگە و هەندێکیان بەدەستی جاش شکاون"»کاکەسوور٢٠١٢: ٥٧)، لێرەدا ئامانج دەکەوێتە گومانەوە کەئایا بەدەستی کامیان بریندار بووە؟! نووسەر لێرەدا زۆر زیرەکانە خوێنەریش دەخاتە گومانەوە وەک ئامانج، ئایا مام ئەنوەر پێشمەرگە بووە یان جاش یان هەردووکیان...؟! چونکە وەڵامدانەوەی مام ئەنوەر و هەڵسوکەوتی دەبێتە هۆی ئەوەی هەم کەسەکانی دەوروبەری و هەمیش خوێنەر گومانی لێی هەبێت، بەتایبەتی کاتێک شۆڕش لێی دەپرسێت:"لە پێشمەرگایەتی بریندارببوویت؟! ئەویش دەڵێ: ئا و نا، بەڵام وازم لێ بێنە، ناتوانم تێت بگەیەنم" «کاکەسوور٢٠١٢: ٥٧)، وەڵامە ناڕوونەکەی مام ئەنوەر بووەتە هۆی سەرلێشێواوی و بێزاری لای هەموو ئەوانەی چاوەڕێی ڕوونکردنەوە بوون.

ئامانجیش کارەکتەرێکی گوماناوییە و باس لە داپیرەی دەکات کە چۆن بە دزییەوە دەچووە سەرگۆڕی کچەکەی و دەگریا.. چەند جارێک منیشی دەبرد...پێی دەگوتم: "بە کەس نەڵێی ئێمە چووینەتە سەر گۆڕی پوورت، بە دەم گریانەوە پێی دەگوتیت: هەموویان لە پەروین تۆراون کەسیان نایانەوێ قسەی لەگەڵدا بکەن" ئامانج دەڵێ: نەمدەزانی بۆچی نەمدەتوانی پێی بڵێم ئاخر ئەم مردووە، مردوو چۆن قسە دەکات؟! "«کاکەسوور٢٠١٢: ٧٦)، داپیرەی ئامانج بە دەنگێکی ورياوە نهێنییە لەمێژە نێژراوەکان ئاشکرا دەکات، کە زۆربەی کات بە نهێنی دەمێننەوە و قسەیان لەبارەوە ناکرێت، ئامانج گومانی هەیە لەوەی کە لە ڕابردوودا چی ڕوویداوە، بۆیە داپیرەی ئەم نهێنییانەی بۆ باس دەکات. نووسەر دەیەوێت لە ڕێگەی گومانی ئامانجەوە وێنایەکی شاراوەی کۆمەڵگەیەکی داخراو نیشان بدات.

وێڕای ئەوەی ئامانج خۆی کارەکتەرێکە مێشکی پڕ گومانە، هەڵسوکەوتەکانی کاریگەریی لەسەر کارەکتەرەکانی دیکەش دروست دەکات و بە گومانیان دەخات. ئەو باسی ئەو نامەیە دەکات کە سۆزان بۆی ناردووە، سۆزان لە نامەکەدا دەڵێ:

"چەند حەزدەکەم نەخۆشییەکەت هۆی نەهاتنت بێت، بەڵام دڵم پێم دەڵێت وانییە...! سۆزان گومان لەبارەی نەخۆشیەکەی ئامانج دروست دەکات، کە ئایا بەڕاستی نەخۆشە یان پاساو دەهێنێتەوە تا من نەبینێ؟!»کاکەسوور٢٠١٢: ٩٣)، لێرەدا گومانی نائارام و ترسە درێژخایەنەکان سۆزانی لە نێوان گومان و خۆشەویستیدا هێشتووەتەوە.

دلارام کارەکتەرێکی دیکەی ڕۆمانەکەیە و ئەویش گومان دەکات، بەڵام گومانی ئەو جیاوازە، ئەو گومان لەوە دەکات جوانیی جارانی مابێ، کە هاوسەرەکەی «وەک قسەی هەتاو)، پێ لەخشتە بردووە، بەڵام هەتاو دەڵێ: "وانییە، وانییە... ئێستاش لە من و لە هەزار کچی ئەم شارە جوانتری"»کاکەسوور٢٠١٢: ١٦٢)، زۆرجار هەستەکانی ژن دوای هاوسەرگیری دەگۆڕدرێن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەرپرسیارێتییە تازەکان و خۆشەویستی و ئەزموونەکانی گەشەکردنی کەسییە، وا دەکات گومان لە بەهاکانی پێشووی خۆی بکات.

ئازاد باسی ئەوە دەکات ئەو کاتەی چووەتە ماڵی « سامیە خان) بۆ چارەسەرکردنی کێشەی عیماد و ئیمان، دەڵێ: سامیە خان بەجۆرێک گوماناوی سەیری دەکردم خۆم گومانم لەخۆم دەکرد، دواتر پێی دەڵێت:"گوێت لێبێت، من ژنێکی ساویلکە و نەفام نیم، هەتا کەس بتوانێت پاشقوڵم لێ بگرێت، ئازاد دەڵێ: من هیچ لەو قسانە تێناگەم؟!! دەڵێ: چاک دەزانی مەبەستم چییە، خوێری ... ئێستا ملت دەشکێنیت و دەچیتە دەرێ... هەتا ژیانیشت ماوە نەک بیر لەم ماڵە، بەڵکو بیر لە کۆڵان و گەڕەکیشمان بکەیتەوە، هاوار بە حاڵت... چ خۆم و چ منداڵیشم هەر شتێکمان بەسەر بێت، ئەوە یەخەی تۆ دەگرم"»کاکەسوور٢٠١٢: ١٧٦)، سامیە خان پارەی لە ئازاد وەرگرتووە، بەڵام نایەوێ ئەو قەرزە لێکەوتەی دیکەی هەبێت و ئازاد بۆ هیچ کارێکی ناپەسند بەرانبەر خۆی و منداڵەکانی بەکاریبێنێ.

بابەتی پارە لەنێوان ئازاد و سامیە خان، عیماد و ئیمان و شێرزادیشی خستووەتە گومان، کە ئایا بۆچی پارەی داوە بە سامیە خان؟! هەرچەندە ئازاد هەوڵدەدات بۆیان ڕوون بکاتەوە، بەڵام ئەوان بەردەوام گومان لە کەسایەتی ئازاد دەکەن، بەو جۆرەی کە شێرزاد دەڵێ: "ڕاستییەکەی بوونی ئەو پارە زۆرەش لای تۆ لەو کاتەدا، گومانێکی گەورەی لای من دروست کردووە"«کاکەسوور:٢٠١٢: ١٧٩)، ئەگەر سەیر بکەین چیرۆکێکی شاراوە هەیە لەپەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان کەسایەتییەکان، هەر کەسە و خەم لە بەرژەوەندی خۆی دەخوات و زۆرینەشیان گومانیان لەیەک هەیە و هەندێک جاریش وێڕای گومان لە ئەوانی دیکە، گومان لە خۆیشیان دەکەن.

ئامانج یەکێکە لەو کارەکتەرانەی سەرەڕای گومانی لە ئەوانی دیکە، بەردەوام گومان لە کەسایەتی خۆی دەکات و دەڵێت: "سەرەتا گومانم هەبوو کە منێکی کوڕی «ملازم ماجیدی هەمزە قەلاتی) بتوانم بە ناوی ڕێکخراوێکی دژی ڕژێمەوە قسە بۆ نزیکترین کەسیشم بکەم، بەڵام وەکو «شۆڕش) دەیگوت بە پێچەوانەوە خەڵک زیاتر باوەڕ بەوانە دەهێنن، کە لە ناکاو بۆ کەسانی دژی خۆیان دەگۆڕێن، چونکە ئەوە لایەنێکی دەروونی هەیە..." «کاکەسوور٢٠١٢: ٢٧١)، گۆڕانی لەناکاو وەک ئەوەی کە شۆڕش باسی دەکات، واتە گۆڕانی کت و پڕ لە هەڵوێستێکدا زۆرجار دەبێتە هۆی متمانە کردن لای خەڵک، هەروەها ئەم گومانەش بنەمایەکی گرنگە بۆ پەرەسەندنی کەسایەتی و گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەی خوێنەردا.

گومانکردنی ڕزگار لە ئامانج، دوای ئەوەی

خوشکەکەی بە درۆی دەهێنێتەوە کە خەڵکی گوند بێت دەڵێ: "هەستم دەکرد ڕزگار بە شێوەیەک لە شێوەکان باوەڕی بە هەستی خوشکەکەی کردووە و لێم کەوتووەتە گومانەوە، چونکە سەرێکی باداو گوتی: هەتا ئێستا بەهەر کەسێکی گوتبێت خەڵکی کوێیە بە هەڵەدا نەچووە، بەڵام ئەمڕۆ ئەویش لە ئاستی تۆدا سەری لێ تێکچووە!! «کاکەسوور:٢٠١٢: ٣٠٣)، نووسەر لە ڕێگەی ئەم گومانەوە کەشێکی مەترسیدار دەخوڵقێنێت، بۆ زانینی ڕاستی ناسنامەی ئامانج و بەردەوامی چیرۆکەکە.

بە هەمان شێوە کاتێک سۆزان باسی کاتی خوێندنی لە قوتابخانە و سەرسامبوونی بە ڕووناک دەکات، بەوەی یارمەتیدەرێکی باشی ئەو بووە لەو کاتەی تووشی کێشە دەبێت، دوای کوشتنی باوکی میدیا، دەڵێ: "باوەڕم نەدەکرد ئەوێک، کە ژنی ئەفسەرێکی گەورەیە، بیەوێت لە کاتێکی ئاوادا یارمەتیی من بدات... گوتم ڕەنگە ئەمەش پلانێک بێت.. هەمیشە بە گومانەوە لەم ژنەم دەڕوانی، کەچی هیچ لەوەش تێنەدەگەیشتم بۆچی هێندە پێی سەرسام بووم؟! «کاکەسوور٢٠١٢: ٣٥٠) سۆزان لەدوای کوشتنی باوکی میدیا، لە هەموو کەسانی دەوروبەری خۆی دەکەوێتە گومان و دەیەوێت زۆر بە وریاییەوە مامەڵە بکات، لێرەدا ڕۆماننووس بە تێکەڵکردنی گومان و سەرسامبوون، دەیەوێت باری دەروونی کارەکتەرمان بۆ بخاتەڕوو کە تا چ رادەیەک شڵەژاوە.

شڵەژانی سۆزان، شڵەژانی ڕووناکی لێ دەکەوێتەوە و ئەویش دەخاتە گومانەوە. ڕووناک کاتێک سۆزان دەبینێ کە هێندە پەشۆکاوە، پێی دەڵێت: "من بزانم شتێک هەیە ئاوا نیگەرانی کردوویت، ئەمڕۆ تۆ پێش ئەوەش ئاسایی نەدەهاتییە بەرچاوم... سۆزان دوێنێ و پێرێش لە ژووری بەڕێوەبەر بیستم تۆ وەک جاران نیت و خەفەتبار دەردەکەویت... چیت بەسەرهاتووە؟! «کاکەسوور٢٠١٢: ٣٥١)، خەمباری سۆزان و باری دەروونی تێکشکاوی بووەتە هۆی دروستبوونی گومان لای کەسانی دەوروبەری، بێگومان کوشتنی جەنگاوەرێکی حکومەت لەلای سۆزان کارێکی هەروا ئاسان نەبوو کە بە ئاسانی لەبیری خۆی بباتەوە.

بەشێکی زۆری ڕووداوەکانی ڕۆمانی کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان لە شاخ ڕوودەدەن، بۆیە بەشێک لەو گومانانەی لەناوەوەن پەیوەندییان بە شاخەوە هەیە. «فیکری کۆپتەر) و «بورهانی ئامە گووپە) کە هاوڕێی شاخی باوکی سۆزان بوون، گومان لە باوکی سۆزان دەکەن کە «سابیر پوولەکە) باوکی میدیای کوشتبێت، سۆزان دەڵێت: "ئاگام لێبوو هەردووکیان بە چپە لە بابەیان دەپرسی ئاخۆ ئەو خۆی «سابیر پوولەکە)ی نەکوشتووە و لەوانی دەشارێتەوە، بەڵام بابە دەیگوت بە هیچ شێوەیەک پەنجەی ئەوی بەرنەکەوتووە" «کاکەسوور٢٠١٢: ٣٥٨)، نووسەر هەوڵ دەدات لە ڕێگەی گومانەوە درێژە بە بابەتی کوشتنی باوکی میدیا بدات و خوێنەر لە دوو دڵی و گومان بهێڵێتەوە. ئەمەش تەکنیکێکی سەرنجراکێشە و ڕۆماننووس و گێڕەرەوە وا لە خوێنەر دەکەن بەدوای سەرەداوی کردنەوەی گومانەکان بکەون تا لێیان دەگەنە ڕاستی.

## ٢- ٤. گومانی نائاسایی کارەکتەر

هەندێک گومان هەن لە ژیانی ڕۆژانەدا ئاسایی دەردەکەون و لە ڕووی دەروونی و تەندروستیشەوە ئاسایی وەردەگیرێن، کەچی هەندێک جۆر و ئاستی گومان هەن قووڵن و دەرخەری ناتەندروستی بارودۆخی کارەکتەرن. بۆ نموونە شێرزادی

کارەکتەر گومانەکەی هێندە قووڵە، گومان لە دایکی خۆی دەکا کە خیانەت بکا. شێرزاد باسی ئەوە بۆ ئازاد دەکات کە باوکی لە پێشوودا پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتی دیکە هەبووە، تەنانەت گومانی لەوە هەبوو ئەو ئافرەتەی کە پەیوەندی لەگەڵ باوکی ئازاد هەبوو کە دایکی لێیان دەچێتە ژوورەوە، دایکی ئەو بێت، کاتێ بەئازاد دەڵێ:» ئازاد جوان گوێ لە لەدایکت بگرە و بزانە کاتێک ئەو ژنە جلەکانی دەپۆشێت، کێیە؟! بەشکو دایکی من بێت!...» «کاکەسوور٢٠١٢: ١٥٠)، گومانەکانی شێرزاد ململانێی قووڵی کۆمەڵایەتی و دەروونی ئاشکرا دەکات، کە ڕەنگدانەوەی لە دەستدانی متمانەیە.

هەروەها کاتێک شێرزاد نهێنی زۆر لەبارەی باوکی ئازاد بە ئازاد دەڵێ، ئەویش دەکەوێتە ناو گومانێکی قووڵترەوە، تەنانەت پرسیاری ئەوە لە شێرزاد دەکات، دەڵێ: «ئایا دایکم جگە لە باوکم لەگەڵ هیچ کەسی دیکە پەیوەندی نەبووە؟! «کاکەسوور٢٠١٢: ١٥١). ئەوەی دەگوزەرێ پەیوەندیی بە باوکی ئازادەوە هەیە و ئەو ئێستا لەبەرئەوەی زانیاریی لەبارەی باوکییەوە دەسکەوتووە، گومانەکانی قووڵتر بوون، ئەمەش تارادەیەک پاساو هەڵگرە، بەڵام گومانەکانی ئازاد لەوە ناوەستن و دێ گومان لە دایشکیی دەکا، بۆیە گومانەکەی نائاسایی و نا تەندروست دەردەکەوێ.

سۆزانی کارەکتەر وەک چۆن چەند گومانێکی ئاسایی لەبارەی کەسانی دەوروبەری هەبوو، بە هەمان شێوە هەندێک گومانی قووڵیشی هەن کە هێندە قووڵن نائاسایی دەردەکەون. سۆزان لە گۆڕستان دەبێت، لەناکاو دوو پیاو دەبینێت، سۆزان بۆی دەردەکەوێت کە یەکێک لە هاورێکانی باوکی سیخوڕ بێت، کاتێک گوێی لەقسەکانی ئەو دوو پیاوە دەبێت کە چاودێری باوکی و هاورێکانی دەکەن، کە لە گلکەند دانیشتوون، دەڵێ: «نەمدەزانی کامیان سیخوڕە... یەکەیەکەیانم هێنایە بەرچاو و بیرم لە قسە و هەڵسوکەوتەکانیان کردەوە، تاکو بتوانم لەو ڕێگایەوە دەسنیشانی بکەم، بەڵام سوودی نەبوو، دوایی بەخۆم گوت هەرکامێکیان بێت، هیچ لەوە ناگۆڕێت، کە بابە تووش بووە و ئیتر هێز نییە ڕزگاری بکات» «کاکەسوور٢٠١٢: ٣٨٣). ئەمە دەبێتە هۆکاری زنجیرەیەک بەدواداچوون و زنجیرەیەک گومانی قووڵتر. سۆزان خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

«شتێکی سەیر خۆی خزاندە مێشکمەوە و لە ناخەوە هەڵێتەکاندم... چەند ویستم دووری بخەمەوە و نەهێڵم خەیاڵم داگیر بکات، کەچی دواجار هەر ئەو بەسەر مندا سەرکەوت، ئاسان نەبوو بەخۆم بڵێم ئەو سیخوڕە باوکی خۆمە، چەند بیرم لە قسە و هەڵسوکەوتەکانی دەکردەوە، گومانم نەدەما لەو زیاتر کەسێکی تر نییە... بەربوونە ناکاوەکەی لە زیندان و گەڕانەوەی بۆ کار، پێش هەموو شتێک هیی ئەوە بوون لە کاتێکی ئاوادا بیخەمە بەرچاو....» «کاکەسوور٢٠١٢: ٣٨٣)، گومان لێرەدا زۆر قووڵترە، چونکە کارەکتەری سۆزان گومان لە باوکی خۆی دەکات. مەبەستی نووسەریش دروستکردنی کەشێکی پڕ لە هەڵپەسێردراوی و سەرنجڕاکێشی و دروستکردنی ململانێی ناوەکی و دەرەکییە لە کارەکتەری سۆزاندا. بە وردبوونەوە لە کارەکتەری سۆزان ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە هەنگاوی یەکەمی گومان بیرکردنەوەیەکی سەرەتاییە لە بابەتێک، دواتر ئەگەر لێی نەگەیتە ڕاستی و گومانەکە نەڕەوێتەوە، یان خۆمانی لێ ڕزگار نەکەین، ئەوا بیرکردنەوەی دیکەی بەدواداێت و بە لێکدانەوەی قسە و کردار و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ یان کارەکتەرەکە، زۆرجار گومانەکان

قووڵتر دەبنەوە و ئەمەش کاریگەریی دەبێ لەسەر بەرەو ناتەندروست چوونی کارەکتەرەکە. سۆزان گومان لە دایکیشی دەکات، «وای بۆچووم دایەش ئاگاداری ئەو کارەی بابە بێت، بگرە بە دوورم نەدەزانی هەر خۆی ئەو ڕێگایەی بۆ دانابێت، چونکە هیچ وەکو جاران لە چارەنووسی نە دەترسا و نەمدەبینی ئامۆژگاری بکات» «کاکەسوور٢٠١٢: ٣٨٣).

دوای دۆزینەوەی «ئەردەلان)ی خاڵی سۆزان و هەژار، گومانی سۆزان زۆر قوڵتر دەبێتەوە بەرانبەر باوکی، دەڵێ:» بەردەوام دەمویست لەوە تێبگەم کە ئاخۆ باوکم دەستی لە کوشتنی کەسوکاری دایکمدا نییە... هەتا دەهات ئەرکی من قورستر دەبوو، بەوەی بەردەوام شتەکان لقی دیکەیان لێ دەبووەوە و زیاتر ئاڵۆز دەبوون، کەچی من هێندەم کات نەبوو، تاکو بۆ یەکلایی کردنەوەیانی تەرخان بکەم» «کاکەسوور٢٠١٢: ٤٠١)، سۆزان لێرەوە هەست دەکات ئیتر لە شەڕێکی قورسدایە و گومانەکەی بووەتە گومانێکی قووڵ و ترسناک. ڕۆماننووسیش لە هەوڵی دروستکردنی کەشێکی تراژیدی و ڕەشبینانە دایە کە پەیوەندی بە کرداری تاوان و کوشتن و ترس و لەناوبردن هەیە.

دوای ئەو هەموو گومانە، سۆزان بیر لەوە دەکاتەوە کە ئاخۆ بۆچی باوکی هەوڵی ئەوەی داوە ببێت بە سیخوڕ؟! دەڵێت: «هەندێجار دەگەیشتمە ئەو باوەڕەی بەهۆی منەوە بابە ناچاربووە ببێتە سیخوڕ، تاکو ژیانم لە دەستی مەرگ ڕزگار بکات...ئەمەیان بەڕاستی ئازاری دەدام..» «کاکەسوور٢٠١٢: ٣٨٤). سۆزان هاوشێوەی ئامانجی کارەکتەر، وێڕای گومان لە ئەوانی دیکە، گومان لە خۆیشی دەکات و پێیوایە، ئەو هۆکاری ئەوەیە کە باوکی بووە بە سیخوڕ.

لە ڕۆمانی کەناڵی مەیموونە چەکدارەکاندا گومان هێندە زاڵە، تەنانەت کاتێک کارەکتەرەکانی زانیاریش لەگەڵ یەک دەگۆڕنەوە، گومان لەیەک دەکەن، بۆنموونە کاتێک نەرمین باسی کوشتنی هاوسەرەکەی دەکات بۆ سۆزان کە چۆن چۆنی کوشتوویەتی، سۆزان دەکەوێتە گومانەوە ئاخر چۆن ئەو نهێنیانەی خۆی بۆ ئەو باس دەکات:»دەمویست لەوە تێبگەم بۆچی لە ناو ئەو هەموو خەڵکە بە تەنیا ئەو نهێنییە لای من دەدرکێنێت؟! هەندێکی تر بیری کردەوە و گوتی: ڕەنگە گومانی بۆ ئەوە چووبێت، کە من سابیر پوولەکەم کوشتووە، بۆیە ئێستا ئەو چیرۆکەی هەڵبەستووە، تاکو منیش ئەوەی خۆمی بۆ ئاشکرا بکەم...» «کاکەسوور٢٠١٢: ٤٢٧)، خۆی باسکردنی نهێنی سیستەمی گومان قووڵتر دەکات، نووسەریش هەوڵدەدات چین چین گومانی قووڵتر بخوڵقێنێت لە ڕێگەی نهێنی، گومان، کوشتن.

## ٣-٤. ئاستی گومانی خەونئامێز

گومانی خەونئامێز لەنێوان ئاگایی و نائاگایی کارەکتەردایە و ئەوەش وای لێدەکا گومانی لەوە هەبێ کە بەسەری دێ، یان ڕوودەدا. ئازاد باس لەو کاتە دەکات کە لە ڕۆژنامەی هاوکاری بابەتێکی حوسێن عارف دەخوێنێتەوە و دەڵێ: «ئەوە خەیاڵی من بۆ کوێ چوو؟! خۆ من ئاگام لە نووسینی چیرۆکەکە برا... لە دوای ناوەکەمەوە یەک وشەی دیکەم نەنووسیوە، کارەکتەر بەناخی خۆیدا ڕوو دەچێت، خەیاڵێک دەبیات و یەکێک دەیهێنێت، لە واقیعەوە بۆ زیندەخەون و لە زیندەخەونەوە بۆ خەون و ئەمجارە لە خەونەوە بۆ زیندە خەون و لەوێوە بۆ واقیع، بەکورتی خەیاڵ دەسەڵات لە تۆ دەسەنێت و خۆی دەدۆزێتەوە««کاکەسوور ٢٠١٢: ١٠٠)، لێرەدا ئازاد خۆی ون کردووە و گومانی

لەخودی خۆی هەیە، کە ئایا لە واقیع دەژی یان لەخەیاڵدا دەژییێت.

ئامانج دەڵێ:» کاتێک لەناو پێخەفەکەدا چاوم هەڵهێنا و «شۆڕش) و «داندی) لە تەنیشتمەوە پرخەیان دەهات، نەمدەزانی ئەوەی بینیبووم خەون بوو یان ڕاستی؟! دەمگوت ئەگەر ڕاستی بوو، بۆ بیرم نییە کەی بۆ ماڵ گەڕاوینەتەوە..؟! ئایا من لە ترسان هەموو ئەو شتانەم لێ تێکچووە..؟!»» کاکەسوور ٢٠١٢: ٢٠٩)، ئامانج نازانێ و لەبیری چووە، ئەوەی بینیویەتی بەڕاستی ڕوویداوە یان تەنیا خەونێک بووە. هۆکاری ئەمەش بۆ ترس دەگەڕێنێتەوە و گومانی هەیە ئەوەی بەسەری هاتووە بە هۆی ترسەوە بووبێ.

ئامانج بەهۆی سەختی و ئەزموونی ژیان گەلێکجار ڕادەمێنێ و لەو دونیا واقیعییەی تێدایە دادەبڕێ و بەرەو سوریالی بوون دەڕوا: «لێرەو لەوێ منداڵەکان کۆلارەیان هەڵدەدا و شێوەی کۆلارەکان لەبەر چاوی تۆدا لە مردووەکان دەچوون، بگرە وات دەزانی مردووەکانن وا ڕووت و قووت بە ئاسمانەوەن... دەست و قاچیان لە هەوادا دەجولێنن و بە شێوازی تایبەتی خۆیان سەما دەکەن... جلەکانیشیان لەسەر تەنافەکان هەڵخراون و بۆنێکی سەیریان لێ دێت... بە ترسەوە لێیان ڕادەمایت و ئاگات لە دەوروبەرت نەدەما..؟!» «کاکەسوور ٢٠١٢: ٢٢٩). ئەمە پیشاندانی کاریگەریی گومانە لەسەر دەروونی مرۆڤ، کە چۆن دەتوانێت ڕاستی بگۆڕێت و بیکات بە زیندە خەوێکی ترسناک.

ئامانج بیری لە شۆڕش و داندی دەکردەوە، کە بە ئامانجیان گوتبوو دەچن بۆ سەیرکردنی شەڕە سەگ، ئامانج خەیاڵ دەیبات و دەڵێ:» نەمدەتوانی باوەڕ بەوە بهێنیت، کە ئەوان چووبێتنە ئەو دەشتەی قەراغی شار بۆ بینینی شەڕە سەگ، بەڵکو دڵت پێی دەگووتی کارێکی ترسناکیان بە دەستەوەیە و چاوەڕێت دەکرد بە کارەساتێکی دیکەوە بگەڕێنەوە... نەتدەزانی ترس بوو، یان ئازار ئاوا لە دەوروبەر دایبڕیبوویت، کاتێک دەستێک قایم و بەردەوام لە دەرگای حەوشەتانی دەدا، نەخێر، لەقە بوو، دەیکوتا و وردە وردە بە ئاگای دەهێنایتەوە» «کاکەسوور ٢٠١٢: ٢٥٠)، چونکە مەرج نەبوو هەموو ئەوانەی پەیوەندییان بە شۆڕشەوە دەکرد، شۆڕشگێڕبن و هەندێکیان بۆ سیخوڕیکردن دەنێردرانە ناو شۆڕش، بۆیە ئەوانەی پێشمەرگە بوون دەبوایە زۆر بە ئاگایی و بە ترسەوە مامەڵە لەگەڵ ئەوانەدا بکەن کە بە جۆرێک لە جۆرەکان نامۆ دەردەکەون.

ئامانج، ئەو کارەکتەرەیە کە پشکی شێری لە گومانی خەونئامێز بەردەکەوێ، چونکە کەسێکی بە هەستە و بەدوای ئایندەیەکی پڕشنگداردا دەگەڕێ. ئەو کاتێک لەگەڵ ماهیڤان قسە دەکات، هەموو ئەو قسانەی ساڵانێکە لە دڵی هەڵگرتوون و بوون بە بارگرانی بۆی، بۆ ماهیڤانی دەردەبڕێ، دواتر دەڵێ: «نازانم کەی و لەکوێ ئەم دیالۆگە لە نێوان من و ماهیڤان هاتە گۆڕێ... ڕەنگە ئێوارەیەک بووبێت لەو ئێوارانەی خەیاڵە جەنجاڵەکانم لە دەوروبەریان دابڕیبووم، چونکە ئەو باڵندە سپیانەم دەبینی و هەتا ئێستاش لە شێوەی کڵۆ و بەفر دێنە بەرچاوم، بەڵام زۆرجار بەخۆم دەڵێم ئەم دیالۆگە لەخەودا بوو نەک لە ڕاستی، بگرە وای بۆ دەچم «ماهیڤانیش) یەکێکە لەو کارەکتەرە سەیرانەی خەیاڵی من، کە بەدرێژایی تەمەنی خۆم خەڵقم کردوون» «کاکەسوور ٢٠١٢: ٢٦٦)، ئەم گومانە خەون ئامێزەی ئامانج پەیوەندی بە پرسی بوون و نەبوونەوە هەیە، ڕۆماننووس دەیەوێت بڵێت جیاوازی نێوان خەیاڵ و واقیع هێندە سەخت نییە بۆ مرۆڤ، کاتێک کاریگەری لەسەر

کەسەکان هەیە، واتە هیچ گرنگ نییە ئاخۆ کەسێکی ڕاستەقینەیە یان کارەکتەری ناو خەیاڵە.

## ٤-٤. ئاستی گومانی پیتۆڵی شەڕانگێز

سۆزان باس لەو کاتە دەکات کە هاوڕێکانی باوکی گومانیان لە باوکی دەکرد بە کوشتنی «سابیر پولەکە)، دایکی سۆزان دەڵێ:» باشە تۆ چوزانیت ئەمانە لە لایەن حکومەتەوە ڕەوان نەکراون، تاکو بزانن تۆ دەستت لە کوشتنی ئەو پیاوەدا نییە..؟! نەڵێی هاوڕێمن، لە شاخ پێکەوە بووین و شتی وایان لێ ناوەشێتەوە، بەڕاستی ئەنوەر من باوەڕم بە کەس نەماوە، هەر بە هیچ کەسێک» «کاکەسوور: ٢٠١٢: ٣٥٩)، ڕۆماننووس لێرەدا دەیەوێ بڵێ کە ئەو گومانە وەک ژەهر خوێنی هەموویانی پیسکردووە و ئەوەی دنەی باوکی سۆزان دەدا تا گومان لە هاوڕێکانی بکات دایکی سۆزانە و بەوپەڕی لێزانییەوە گومانی سەر باوکی سۆزان دەڕەوێنێتەوە و دەیخاتە سەر هاوڕێکانی.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێن یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانە بەشی هەرە زۆری کارەکتەرەکانی وەک «ئامانج، ئازاد، شێرزاد، سۆزان.......هتد)، گومان لە هەموو کەسانی دەوروبەریان دەکەن، تەنانەت لە نزیکترین کەسەکانیشیان وەک دایک و باوک، بۆیە چیرۆکی ڕۆمانەکە پڕە لە گومان و بێباوەڕی کە تیایدا هیچ پەیوەندییەکی مرۆیی نەماوە، ئەوان پێیانوایە ئەگەر گومان نەکەن، تووشی ئازار و زیان دەبن، ئەمەش دەچێتەوە ناو گومانی پیتۆڵی شەڕانگێز، چونکە گومان لە هەموو کەسێک دەکەن و ناتوانن سۆزی ڕاستەقینە بۆ کەسێک دەربڕن، هەروەها بەردەوام لە فشارێکی دەروونی قورسن، کە زۆر ماندوویان دەکات و کاریگەری لەسەر تەندروستییان دەبێت. ڕۆماننووس توانیویەتی زۆر بە جوانی ئەو جیهانە پیشان بدات، کە تێیدا گومان زاڵ بووە بەسەر سۆز و متمانەدا، ئەمەش بووەتە هۆی وێرانبوونی بنچینە کەسایەتی و کۆمەڵایەییەکانی مرۆڤ.

## ٤-٥. پەیوەندیی نێوان گومان و زمان

زمان ڕۆڵێکی دیار دەگێڕێت لە داڕشتن و پێکهێنانی ڕۆماندا، لەگەڵ توخمە گرنگەکانی کە بریتین لە ڕووداو، کارەکتەر، کات، شوێن، بابەت و مانا، ڕۆماننووس یان نووسەر ناتوانێت بیر و خەونی خۆی بە فۆرمێکی بەرجەستە بخاتەڕوو تەنیا لە ڕێگەی زمانەوە نەبێت، « لە ڕێگەی زمانەوە کارەکتەرەکان قسە دەکەن، ڕووداوەکان دەگۆڕدرێن، ژینگە ڕوون دەبێتەوە و خوێنەر فێری سروشتی ئەو ئەزموونە دەبێت کە نووسەر دەریدەبڕێت " «حسین ٢٠١٨)، زمان فۆرمێکی هونەری قووڵ و ئاڵۆزە کە دەتوانێت جیهانێکی تەواو بخولقێنێت، بۆ دەربڕینی هەست و سۆزە ئاڵۆزەکان و پەروەردەکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکان لە سەرانسەری کلتوورە جۆراوجۆرەکاندا.

زۆربەی ڕەخنەگران لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەدەب ئامانجدارە، ئامانجی ئەدەبیش لە گەیاندنی سوود، یاخود گەیاندنی جوانی و ئیستاتیکیدا خۆی دەبینێتەوە، ئەم توخمەش کە پاڵپشتی سەرەکی بە د یهێنا نی ئە و ئا ما نجە یە ، بر یتییە لە « زمان)، کەواتە دەتوانین بڵێین: «زمان بناخەی دامەزراندنی دەقە» «ئەڵوەنی ٢٠٠٣: ٧٥)، کەواتە زمان بە یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکان دادەنرێت بۆ دروستکردنی کاری ئەدەبی وەک بنچینەیەکی سەرەکی بۆ دەربڕین و خوڵقاندنی مانا.

زمان «وەک یەکێک لەو توخمانە پێویستییەکی یەکجار گرنگی دروستبوونی دەقی ئەدەبییە و پەیوەندییەکی پتەوی بە توخمەکانی دیکەوە هەیە،

چونکە ئەوان لە ڕێگەی زمانەوە دەردەبڕدرێن و زمان ئەوان دەناسێنێ، لێرەدا زمان هەم خۆی خودی مەبەستە و هەمیش وەک نێوەندێکە بۆ ئاشناکردن و ناساندنی ئەوانی تر» ئەم گرنگییەی زمانیشە وایکردووە «گۆرکی» پێیوابێت کە «زمان یەکەمین توخمی ئەدەبە» «حاجی٢٠٠٩: ٨٣)، لێرەدا زمان دەبێتە پردێک بۆ بەیەک بەستنەوی نووسەر و خوێنەر.

پەیوەندی نێوان گومان و زمان پەیوەندییەکی کاریگەرە، " گومان لە ڕێگەی ئاماژە و زمانەوانی وەک دوودڵی، داواکاری ڕوونکردنەوە، یان دەربڕینی نادڵنیاییەوە دەردەکەوێت، دانپێدانان بە گومان هاوکاری تێکدەدات و ڕێگری دەکات ل ە یەکخستنی بیروباوەڕە هاوبەشەکان" « -Carbery et al :2002 :3-4)، گومان و زمان پەیوەندییەکی قووڵیان هەیە لەشێوەی دوو دڵی و داوای ڕوونکردنەوە و دەربڕینی نادڵنیاییدا سەر هەڵدەدەن، ئەم پەیوەندییە ئاڵۆزە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی چۆن شێوازەکانی پەیوەندیکردنمان ڕەنگدانەوەی بارە ناوەخۆییەکانی دەروونیمانە، ئەو جەختکردنەوە کە دەڵێت «دانپێدانان بەگومان هاوکاری تێکدەدات» دەتوانرێت لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە لێبکۆڵرێتەوە، لەلایەک گومان توانای لەناوبردنی متمانەیە، چونکە کاتێک مرۆڤەکان گومانیان هەیە، لەوانەیە بکشێنەوە یان بەرگریکاربن، ئەمەش دەتوانێت ڕێگری لەهەوڵە هاوبەشەکان بکات، لەلایەکی تر بە پێچەوانەوە کردەوەی دانپێدانانی ئاشکرا بەگومان دەتوانێت ڕێگا بۆ گفتوگۆی ڕەسەنتر و بەرهەمدارتر خۆش بکات، تاکەکان بە دانناں بە نادڵنیایی ژینگەیەک دروست دەکەن کە ڕاستگۆیی و شەفافییەت تێیدا گەشەدەکات، ئەم کراوەییە دەتوانێت لێکتێگەیشتنی یەکتر بەرز بکاتەوە، لەئامێزگرتنی نادڵنیایی دەتوانێت ببێتە کاتالیستێک بۆ پەیوەندی و هاوکاری قووڵتر، چونکە هانی تاکەکان دەدات بۆ دەربڕینی بیرکردنەوە و هەستەکانیان بەشێوەیەکی ئازادانەتر، ناسینەوە و خستنەڕووی گومان لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانێت داینامیکی پەیوەندیکردن بگۆڕێت.

## ٦-٤. دەرکەوتەکانی گومان لە زمانی گێڕانەوەدا

زۆرجار زمان دەبێتە ناوەندی دەربڕینی گومان، بەڵام لەوانەیە مرۆڤ نەتوانێت کۆنترۆڵی زمانی خۆی بکات لە کاتی گوماندا. گەڕانەوەی ئامانج لە شاخ حاڵەتێکی دەروونی بۆ دروست دەکات، کە هەمیشە بەزەیی بەخۆی دا دێتەوە، لە ڕێگەی زمانەوە دەڵێ:» من لە حاڵەتێکی زۆر خراپدام، چونکە هەر کاتێک ژیانم کەوتبێتە مەترسییەوە، ئەوە زیاتر هەستم بە مەیموونییەتی خۆم کردووە، بگرە گومانم لەوە نەماوە من لە مەیموونێک زیاتر شتێکی دیکە نیم... ترس و شەرم زیاتر دەیانتلاندمەوە« «کاکەسوور٢٠١٢: ٩)، لێرەدا نووسەر دەیەوێت ئەوە نیشان بدات کە چۆن مەترسی کەسایەتی مرۆڤ دەشکێنێت، مرۆڤ لەناو خۆیدا جەنگێکی سەخت دەکات لە نێوان ئەوەی کە بووە و ئەوەی کە دەیەوێت ببێت.

کاتێک ئاواز ئامانج دەبینێ لە شاخ، هەردووکیان لە بینینی یەکتر نیگەران بوون، لەبەرئەوەی ئامانج خۆی وەک کەڕوالَ نیشاندابوو، ئاوازیش لێ دەپرسێت:»هەر هیچ نەبێت بە منی بڵێ، کە تۆ چ مەبەستێکت لەم دەم داخستنە هەیە... ئاخر تۆی کورە ئەفسەر و ئێرە؟! ئامانج دەڵێ:»قسەم پێ مەکە ئاواز..! بەڵام ڕۆژێکیش دێ هەموو شتێکت بۆ دەربکەوێت... دەبێت ئەوە زۆر چاک

بزانیت، کە ئەگەر ئاشکرام بکەیت، بۆتۆش خراپ دەکەویتەوە، خۆت دەزانی چەند شت لەبارەی تۆوە دەزانم»»کاکەسوور٢٠١٢: ١٢)، ئەم جۆرە گومانە وا لە خوێنەر دەکات لەخۆی بپرسێت ئاخۆ چ نهێنییەک لە پشت ئەم قسانەوە هەیە؟! چونکە قسەکردن بەزمانێکی ناڕوون و ئاماژەیی هەر خۆی گومان دروست دەکات، زمان لێرەدا بووەتە ئامرازی شاردنەوە، نەک ڕوونکردنەوە.

ئامانج باس لە ماهیڤانی هاوپۆلی دەکات و دەڵێ:" نەمدەزانی ئەو کوڕە بۆچی هێندە مەبەستییەتی تۆ لەگەڵی بچیتە ئەو لادێیەی بەقەد پاڵی شاخێکەوەیە و لەوێ بە یەکجاری لەگەڵی بژیت... بەزمانێکی سیحری وەسفی ئەو دەوروبەرەی بۆ دەکردیت... وەکو کارەکتەری چیرۆکە میتۆلۆژییەکان دەیتوانی لەگەڵ ناوهێنانی هەر شتێکی ئەویدا، نەک هەر وێنەی ئەو شتەت بێنێتە بەرچاو، بەڵکو دەنگیشی لە گوێچکەتدا بزرینگێتەوە..." «کاکەسوور٢٠١٢: ٢٥٧)، خۆی ئەم تەکنیکە زمانییە وا لە نووسەر دەکات، گومان وەک تۆخمێکی سەرەکی لە ڕۆمانەکەدا بەهێز بکات و بەردەوام خوێنەر لە حاڵەتی چاوەڕوانی و دڵەڕاوکێدا بهێڵێتەوە، یان ئاماژەکردن "بەزمانێکی سیحری" نیشاندەری هێزی زمانە بۆ دروستکردنی واقعێکی دیکە کە تێکەڵاوی گومانە.

ئامانج قسە بۆ ماهیڤان دەکات و دەڵێ:"تۆ نازانیت من چ ناخێکی تێکشکاوم هەیە و ڕەنگە هەرگیز لەوە تێنەگەیت، ماهیڤان، من بوونەوەرێکی تا بڵێی سەمەرەم.... لە دایکێکی سەیرو باوکێکی سەیرتر خوڵقاوم، ماهیڤان... ئەمیان مامۆستایەکی ناسک و ئەویان ئەفسەرێکی بە سام و جەبەرووت، کە نازانم چۆن یەکیان گرتووە؟! ڕەنگە خاڵی هاوبەشییان هەر ئەو سەیرو سەمەرەییە بێت ماهیڤان.." «کاکەسوور٢٠١٢: ٢٥٨)، نووسەر هەمیشە کەشێکی پڕ لەگومان و دڵەڕاوکێ بۆ ئامانج دروست دەکات، کە خوێنەر بەردەوام هەوڵ دەدات واتای شاراوەی بدۆزێتەوە.

لەکاتێکدا ڕزگار ئامانج لەگەڵ خۆی دەباتەوە بۆ ماڵ، کە ئامانج بە ناوی «مەجۆ) خۆی پێ ناساندووە و گوایە خەڵکی گوندە، بەڵام «ژیان) ی خوشکی ڕزگار هاوار دەکات و دەڵێ:"درۆ دەکەیت..!!! تۆ لەشار لە دایک بوویت و هەر لەشاریش گەورە بوویت..!! ئامانجیش قسەی بۆ نەدەکرا..." «کاکەسوور٢٠١٢: ٣٠٢-٣٠٣)، ئەمە پەیوەندی نێوان گومان و زمان نیشان دەدات، کاتێک زمان ناتوانێت ئەو ئەزموونانە بگوازێتەوە، گومان دروست دەبێت لە توانای تێگەیشتن و گەیاندن.

سۆزان نەیدەزانی چۆن وەڵامی ست ڕووناک و هەموو ئەوانە بداتەوە، کە گومانی لێدەکەن بۆ وای بەسەرهاتووە و هەمیشە نیگەرانە، دەڵێ:" هەر وشەیەک لەزمانم بێتە دەرەوە، دوور لەخواستی خۆم، وەک باڵندەیەکی سەیر و سەمەرە باڵ دەگرێت و لەسەر تەرمی پیاوەکە دەنیشێتەوە... سەرنجی هەزاران چاو بۆ لای خۆی و شوێنی تاوانەکەش ڕادەکێشێت... ئەو بێدەنگییەشم گومانی ئەوی گەورەتر کرد و گوتی: تۆ شتێکت بەسەرهاتووە، سۆزان... ناکرێت من بزانم چ خەمێکە ئاوا تۆی نیگەران کردووە؟!" «کاکەسوور٢٠١٢: ٣٥١)، بێدەنگی سۆزان خۆی زمانێکە کە گومان دروست دەکات، لەم دەقەدا زمان هەم ئامرازی دەربڕینی گومانە، هەم سەرچاوەی دروستبوونی گومانە و هەمیش شوێنی گەشەکردنی گومانە، نووسەر لێرەدا وێنەیەکی جوانی بۆ گومان دروست کردووە.

## ئەنجام

ئەم ڕۆمانە بەشێوەیەکی هونەری گومان وەک

ڕەگەزێکی سەرەکی بەکاردەهێنێت بۆ دروستکردنی کەشێکی دەروونی قووڵ، ئاڵۆزی لە پەیوەندییەکان و نیشاندانی کاریگەری قەیرانەکانی کۆمەڵگە لەسەر تاکەکان. نووسەر لە ڕێگەی گومانەوە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە و خوێنەر هاندەدات بە دوای ڕاستییەکان بگەڕێت. لە ڕێگەی گومانەوە نووسەر کێشەی ناسنامەی تاک و کۆمەڵ دەخاتە ڕوو. لەم ڕۆمانەدا گومان دەبێتە هۆی دروستبوونی کارەکتەری ئاڵۆز و هەڵوێستی دژوار، خوێنەر دەخاتە بارێکی دەروونی قووڵ، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییە هونەرییە سەرکەوتووەکانی ڕۆمانەکە. توخمەکانی وەک: شاردنەوە، نهێنی، هەڕەشە بەشێکی گرنگن لە پێکهاتەی گێڕانەوە.

## سەرچاوەکان


به کوردی

- ئەڵوەنی، نەجم خالید "٢٠٠٩"، کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی "ئێوارەی پەروانە"ی بەختیار عەلی دا، چاپخانەی موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر.

- ئەڵوەنی، نەجم خالید»٢٠٠٣«، هونەری گێڕانەوە لە ڕۆمانی «خۆڵەمێشی تەرمی کتێبێکک)دا، گۆڤاری ئەکادیمی کوردی، ژمارە «٥٦).

- نەوڕۆلی، فارس "٢٠٢٢)،»٢٧-٥-٢٠٢٢) لە گومانەوە بۆ پرسیار، ، https://nrttv.com/detailwtar/370-1-15 .2025

- ئەحمەد، ئیمان،»٢٠٢٣)،»٨-٩-٢٠٢٣) ململانێ و بنەما دەروونییەکانی، zaniary https://zaniary. .com/blog/64fb741400fe8 2025-2-1.

- دیکارت، ڕێنێ «٢٠١٦)، سێ تێکستی فەلسەفە « لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی بەکارهێنانی ڕاستی ژیر و توێژینەوەی زانستی)، و: حەمید عەزیز، دەزگای فێربوون هەولێر.

- وسو، دلدارعدو، حاجی، سەنگەر قادر، سمایل، ئیمان «٢٠٢٥٤)، «پرسیار» وەک یەکێک لە بنەماکانی مەعریفە لە ڕۆمانی «دوا شەوی دابەزینی عیسا)ی «شێرزاد حەسەن»دا، ژمارە»١)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، "١٧٨-١٨٨).

- حاجی، سەنگەر قادر»٢٠٠٩)، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی «مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی «شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

- حەسەن، ناڵە»٢٠٢٣)، «٢١-٨-٢٠٢٣)، چەمکەکانی «گومان و پرسیار و پارادۆکس) لە شیعرەکانی «ئیمان یادەوەر ) Denegkan. https://dengekan.info/ archives/42548، 17-1-2025.

- مەرگەیی، عومەر»٢٠٢٣)، «١٣-٨-٢٠٢١)، ململانێ یان دیوە شاراوەکەی واقیع، بەشی یەکەم، خەندان، https://www.xendan.org/detailwtar?jimare=52 56&nuser=2023، 2-2-2025.

- عومەر، زامۆ عەلی»٢٠٢١)، «٤ ساڵ پێش ئێستا)، میتۆدی گومانکردن و پرسیارکردن لە گەڕان بە دوای مەعریفەدا، https://didimn.com/metody-gwmankrdnw-prsyarkrdn-lagaran-badway-marifada/، ١٥-١-٢٠٢٥.

به عەرەبی:

- الطويل، توفيق،»١٩٥٨) أسس الفلسفة، الطبعة الثالثة، مكتبة النهضة المصرية، قاهرة.

- العبيد، طلال "٢٠٢٠)، «١٩-٤-٢٠٢٠)، مفهوم الشك، https://web.facebook.com/share/1VxVHfv4AW/?mibextid=wwXIfr، ١٢-١١-٢٠٢٤.

- النجاح نيت «٢٠٢٠)،»١٢-٤-٢٠٢٠)، الشك: تعريفه- مصادره- وطرق علاجه، https://www.annajah.net/%D8%A7%D9%84%D8%B4%D9%83-

%D8%AA%D8%B9%D8%B1%D9%8A%D9%81%D9%87-%D9%85%D8%B5%D8%A7%D8%AF%D8%B1%D9%87-%D9%88%D8%B7%D8%B1%D9%82-%D8%B9%D9%84%D8%A-7%D8%AC%D9%87-amparticle-27721 ،

- بدوي، عبالرحمن «١٩٨٤)، موسوعة فلسفية، ج٢، طبع الأول، المؤسسة العربية للدراسات والنشر.

- بن الحجر، أحمد بن علي «٢٠١٠) ، فتح الباري، الجزء السادس، المكتبة السلفية، مصر، قاهرة.

- حسين، محمد رحمت "٢٠١٨)، «مانگی ٤-٦)، « اللغة في الرواية العربية المعاصرة، اقلام الهند، دراسات و مقالات، العدد الثاني

976.5=p?/com.aqlamalhind.www//:https .2025-3-

- صليبا، جميل»١٩٨٢)، المعجم الفلسفي، الجزء الأول، دار الكتاب اللبناني، بيروت، لبنان.

- فضل الله، مهدي «١٩٩٦)، فلسفة ديكارت و منهجه، الطبعة الثالثة، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، لبنان.

- هناوي، نادية «٢٠١٩)، «٢٨-٨-٢٠١٩)، 'الشك عبر السؤال في الرواية الحديثة،' الشرق الأوسط، ٢٧ ، -Au gust. https://aawsat.com/home/article ، 16-1- .2025

- مهدوي، يحيى «١٣٩٧)، شكاكان يونان، الجزء الأول، انتشارات خوارزمي، تهران.

به ئینگلیزی:

- Andrews Doull, F,1998, “God, The Evil Genius And Eternal Truths: The

Structure Of The Understanding In The Cartesian Philosophy. “Animus, 3, pp.5072 https://research.library.mun.ca/257/

- Appiah, Krystle29-1-2023” ,2023 .), “Internal and External Conflict in Fiction”. https://www.thenovelry.com/blog/internal-and-external-conflict, 2-2-2025.

- Bagheri Naparast, Zoheir2025 ., “Theistic Frome works,the Evil Genius, and Real Sketical Doubt, Social Epiistemology Review and Reply collective”, 14 “2): 29-34

- Carberry, S. and Schroeder, L 2002., “Toward recognizing and conveying an attitude of doubt via natural language.” Applied Artificial Intelligence”, 16”7-8), pp.495-517

https://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/08839510290030372

- Feccomadi, Anderea 2023 ., “Character Conflct Is The Driving Force OF Every sto”ry, https://jerichowriters.com/character-conflict-is-the-driving-force-of-every-story./

- Gregory, Daniel 2024 ., “Imagining a way out of dream skepticism.” Erkenntnis, 89”8), pp.2967-2984. https://scholar.google.com/scholar

27-Kyrpyta, T.2019 , “Unreliable narrator and doubt in The turn of the screw by Henry James.” Anglistics and Americanistics, “16), pp.159-166. https://anglistika.dp.ua/index.php/AA/article/view/232

- Sasu, Laura2013 ., “Witness Literature-A Conceptual Framework”, Bulletin of the Transilvania University of Braşov, Series IV: Philology & Cultural Studies, “2), pp.7-12. https://scholar.google.com/scholar?hl=en&as_sdt=0%2C5&q=WITNESS+LITERATURE+-A+CONCEPTUAL+FRAMEWORK+&btnG

- Swartz, David.2017 . ‹A critique of doubt: questioning the questioning method as a means of obtaining knowledge,› Journal of Aesthetic Education,51”2),pp. 40–52. https://doi.org/10.5406/jaesteduc.51.2.0040.

- Zaluuzhna, M.B. .2023. "IMPLICIT EXPRESSION OF UNCERTAINTY IN THE ENGLISH-LANGUAGE POSTMODERN FICTION TEXTS", "90), pp.40–47
doi:https://doi.org/10.26661/2414-1135-2023-90-6.

## الملخص:

### تجسيد الشک في عنصري الشخصية واللغة في رواية "قناة القرود المسلحة" لكاروان كاكەسور

يعمل الشک كعنصر أساسي في صياغة الرواية، بل وقد يكون في كثير من الأحيان الدافع الوحيد وراء كتابتها وتأليفها، ذلک لأن الشک يصبح أداة للبحث والتساؤل والتفكير في حقيقة ما أو في حقائق متعددة، ومن خلال تبني الشک، يصوغ الروائي إطارا فنيا لتساؤلاته، ويعرض شكوكه عبر حوارات وشخصيات الرواية، كما يقوم الشک بتشكيل بنية القصة وتوجيه مسارها، ويدعو القراء إلى التفاعل النقدي مع تطور أحداثها.

في هذه الدراسة، التي تحمل عنوان "تجسيد الشک في عنصري الشخصية واللغة في رواية «كەناڵی مەیموونە چەکدارەکان) 'قناة القرود المسلحة' لكاروان كاكەسور"، نسعى إلى تقديم تحليل دقيق للعلاقة بين الشک وعناصر السرد، ففي هذه الرواية، يعمل الشک كعنصر رئيس، يلقي بظلاله على الأحداث من البداية إلى النهاية، مما يؤثر على نمو الحبكة وتطور الشخصيات على حد سواء، ويخوض السرد، من خلال لحظات عدم اليقين والتردد، في تساؤلات فلسفية معقدة حول الثقة والإيمان والواقع، نهدف من خلال هذا البحث إلى إظهار كيف يعمل الشک كعامل محفز لتحولات الشخصيات وإضفاء العمق على الموضوع.

الكلمات المفتاحية: التجسيد، الشک العجائبي، شک اللامصداقية، الشخصية القصصيه، اللغة المبهمة.

## Abstract

### The Embodiment of Doubt in Character and Language
### The Channel of the" in Karwan Kakasur's "Armed Monkeys

Doubt, as a fundamental element in the construction of a novel, often serves as the primary driving force behind the writing and creative process. It becomes a tool for investigation, questioning, and reflection on one or more perceived truths. By employing doubt, the novelist constructs an artistic framework for inquiry, expressing uncertainty through the dialogue and behaviour of characters. Moreover, doubt shapes both the structure and direction of the narrative, inviting readers to critically engage .with the unfolding story

seeks to conduct a detailed in- This research vestigation into the relationship between doubt and narrative elements. In this novel, doubt functions as a central theme, casting its influence from beginning to end. It impacts plot progression and character development alike. Through layers of uncertainty and hesitation, the narrative explores complex philosophical .questions about belief, faith, and reality

Keywords: Characterization, Fantastical Doubt, Doubt of the Incredible, character, Ambiguous Language